# كەروێشك

نوسینی:  نوسەری هندی بەناو بانگ پرۆفیسۆر ڤیلاس سارانگ
وەرگێرانی لە ئینگلیزیەوە:  تۆفیق عەبدول

بۆ سەرنوسەری رۆژنامەی تایمزی هندی

گەورەم

ئایا بەرێوبەرایەتی باخچەی ئاژەڵان ئاگای لەو رەوشتە بێزارکەرە هەیە کە میوانانی باخچەکە بەگەورە وبچوکەوە لەگەڵ ئاژەڵەکانیدا ئەیکەن؟

زووتریش هەمان رەوشتم لەهەموو باخچەکانی ئاژەڵانی سەرتاسەریووڵاتدا دیوە, کەواتە ئەمە رەوشتێکیخۆرسکی هندی یە,بۆ بەدبەختی ,ناتوانین لەشەوو رۆژێکدا بیگۆرین.لەسەر باوکان و قوتابخانەکان پێویستە منالاّن فێربکەن زیاتر گویّ بدەنە ئاژەڵ و سۆزیان بەرامبەر بنوێنن .

بەڵام ئێستا لەسەر بەرێو بەرایەتیباخچە پێویستە وریا بێت

خاتوو - سوشماکۆمار –

بومبای,23یئەیلول

باوکم رقی لەکەروێشک بوو,کەلەسەر کورسییەکەی رائەکشاو,کەروێشکەکە بەقونە قون خۆی ئەکرد بەژوورەکەیدا,ئەبوایە کلکی باوەشێنەکەی بدایە بەزەویداوبیترساندایە, کەکەروێشکەکە گوێچکەکانی قوت ئەکردەوەو رای ئەکردبۆژوورێکیتر باوکم ئەگەرایەوە سەرکورسییەکەی وبەهێمنی خۆی باوەشێن ئەکرد, قوماشی کورسی یەکە بە هێڵە شین وسەوزەکانیەوە ئەوەندە چاڵ ئەبوو کەباوکم لەناویدا نوقم ئەبوو ,ئەتوت کەشتییەولەپانتایی دەریادا لەنگەری گرتووە !.

سەرەتا کەکەروێشکەکەم هێنایەوەبۆماڵەوە هەموویان لوتەلابوون,رەنگی ئەوەندە سپیبوو ئەتوت بەفرە,کەبەناو ماڵەکەدائەگەرا وەکو شتێکی سەیر ئەهاتە بەرچاو, چاوەکانیسوور,هەرلە هەڵماتی شوشەئەچوون,ناو گوێچکەکانیشی مێخەکییەکی تۆخ,بەهێمنی لەسەرزەوییەکە هەڵئەتروشکا, تیشکی خۆریش کەلەپەنجەرەکەوە ئەهاتەئەمدیو توکە سپییەکەی ئەبریسکانەوە.

بیّ گومان ,راهاتین لەسەرئەوەی کەکەرویشکەکە بهێنینەژوورەوە وراهاتین لەسەر ئەوەی کەدەرگای ماڵەکە دابخەین بۆئەوەی نەچێتە دەرەوە, شەویش پەنجەرەکانم دائەخست بۆئەوەی پشیلە نەیەتە ژوورەوە,بەدرێژایی رۆژ لەم ژوورەوە ئەچووبۆ ئەوژوور, ئەوسەوزەیەی ئەتدایە ئەیخواردو ئاوی ئەخواردەوە ,لەپر بۆ چەند کاتژمێرێك گووم ئەبوو .

فێربوبو بۆ میزکردن ئەچووە قوژبنێکی دیاری کراوی ژورەکەوە,شەویش لەژێر قەرەوێڵەکەمدا ئەنوست بەبیّئەوەی هەست بەدەنگێك بکەیت .هەتا کەلەژورێکەوە ئەچوو بۆ ژورێکی تر دەنگی پیّی نەئەهات ,لەگەڵ ئەوەشدا خویەکی سەیری هەبوو ,ئەگەر لەشوێنێکدا بوەستایتایە ,لەسوچێکەوە دەرئەپەری و نەتئەزانی نیازی چییە ,خێرا بەبازێك ئەگەیشتە لات و دەستی ئەکرد بەسورانەوە بەدەورتدا, لەسەرەتاوە بەلاتەوە خۆش بوو بەڵام پاش تاوێك کەئەوەندە بەبیّ دەنگ بەدەورتدا ئەخولایەوە پەست ئەبوویت ,وەکو پەرەمریشکێك گێژەڵوکە بیخولێنێتەوە و تۆش لەناوەراستی گێژەڵوکەکەدا بیت ,لەم رەوشتە بیّ مێشکیەی بێزارئەبوویت ,نەتئەزانی نیازی چییە, تاحەوسەڵەت نەئەما و بەهێواشی بەلەپیتکەیەکت ئەدا لەگویّی ئیتر بۆ ماوەیەك لەجیّی خۆیدا ووشك ئەبوو ,وەکو ووربوبێت ,پێش ئەوەی جارێکی تر دەست بکاتەوە بەخولانەوە ,نەتئەزانی پیّئەکەنێت یان ئەگری !ئیتر هیچت بۆ نەئەمایەوە ئەوەنەبێت بازێك بدەیت و ئەو بازنەیە بەجیّبهێڵیت کەبەدەورتدا ئەیکێشا, کەئەیزانی بەجێت هێشت ئەگەرایەوە دەورت و ئینجا بازێکی ئەدا و تۆزێك بەدڵشکاوی رای ئەکرد !.

کەروێشك ,زۆر کات بەهێمنی لەشوێنێکدا خپ ئەبێت ,هەندێك جار چاوەکانی نوقاون و هەندێك جاریش کراوەن ,ئەگەر یەکێك دەنگێکی لێوە بێت ,باکەمیش بێت گوێیەکی نزم ئەکات و ڕاستی ئەکاتەوە, لەوکاتەدا کەبەهێمنی سەریناوەتەوە بەردەوام گوێچکەکانی بەرزونزم ئەکەن وەکو هەستیان پێبگرێت ,هەرئەوەندە گومانی لەدەنگەکە بوو یەکسەر خۆی ئامادەئەکات ,سەیرئەوەیە دەنگی تایبەتی وەکو دەنگی ڕۆیشتنی ئوتومبێل بەشەقامەکەدا هیچ نایبزوێنێت و کاری تێناکات بەلاَم ئەگەر لەنزیك گوێیەوە زەنگێك ڕابوەشێنیت دائەچڵەکێ و ڕائەکات ,بەلاَم لەبەر نەرمیولوسی زەمینەی ژوورەکە ناتوانێت ئەوەبکات ,بەڵکو ئەخزێت و لەشوێنی خۆیدا دەست ئەکات بەپەل کوتان چونکە قاچەکانی زەوی ناگرن تاوایلێدێت بەزەیت پیایدابێیتەوە ,زۆر خۆشە کەتووشی ئەوحاڵەتە ئەبێت, تەماشای بکەیت

ئەوەی کەتێیناگەم نازانم بۆ لەناو هەموو دەنگەکاندا بەوشێوەیە لەدەنگی زەنگ ئەترسێت ؟!.

دواتر کەروێشکەکە هەندێك خووی تری گرتبوو ,فێری ئەوەبووبوو هەمووشتێك بخوات ,هەندێك جار بنی پێلاَوەکانی ئەکرِاندەوە, هەندێك جاریش ڕۆژنامەکانی ئەخوارد .لەداخی ئەوە باوکم پێلاَوەکانی ئەخستە خانەی سەرەوەی دۆلاَبی پێلاَوەکانی و ڕۆژنامەکەشی ئەشاردەوە, لەوماوەیەدا کەروێشکەکە توولەکی کردوو توکەکەی هەڵئەوەری ,نوقرچێکت لێبگرتایە پڕبەهەردوو پەنجەت توك ئەهات بەدەستەوە ,تاوایلێهات ,گەڕیوبو ,کەس لەوماڵەدا بێزی نەئەهات خۆی بکات بەخاوەنی ,لەبەر ئەوە ڕۆژێك گرتم و بردم دام بە(ڤکتوریا گاردن )ـ باخچەی ئاژەلاَنی بۆمبای ـ دوای ئەوە بەماوەیەکی کورت بۆمبایمان بەجێهێشت .

* * * * * * *

ڕۆژنامەکەم فڕێ دایە سەر مێزەکەو لەسەر کورسیەکەم هەستام لەپەنجەرەکەوە سەیرێکی دەرەوە بکەم .

سەیری دیمەنەخۆلاَوییەکەی دەرەوەم کرد ,تیشکی ڕۆژ لەسەر درەختەخۆلاَوییە کان وگەلاَڕەنگ قوڕینەکانی هەڵنیشتبوو .

چاوەکانم ماندو و لەشم داهێزرابو چونکە بە درێژیی ڕۆژ خەریکی خوێندنەوەی ڕۆژنامەکان بووم ,لەڕاستیدا حەزم لەخوێندنەوەی ڕۆژنامە نیە ,بەلاَم لەو باوەڕەدام ماوەناماوەیەك زۆرمان پێویست بەخوێندنەوەیان هەیە لەبەرئەوە هەرماوەیەك جارێك دائەنیشم و ڕۆژنامەی مانگێك لەبەردەمدا کەڵەکەئەکەم و بەوردی پەڕەپەڕەیان ئەکەم .هەواڵەکان و بانگەشەکان و هەموو شتەووردەکان ئەخوێنمەوە .لەوکاتەدا هەست ئەکەم منیش بەشێکم لەم جیهانە.

عادەتێکم هەبوو هەربابەتێك سەرنجی ڕاکێشامایە ئەمبڕی,هەتا کۆمەڵێك پارچەی زۆرم لاکۆبۆوە ,بێگومان دایکم ئەمەی پێخۆش نەبوو ,چونکە ئەو کابرایەی کەڕۆژنامەی کۆنی ئەکڕی ئەوەی کەلێی بدڕایە نەیئەویست !

وادابنێ جیهان ڕۆژنامەی تیانەبوایە ـئێمە چیمان بکردایە ؟ بەلاَم مرۆڤ زۆر زیرەکە !ڕۆژنامە بلاَوئەکەنەوەو فیلم بەرهەم دێنن .. ووتار ئەخوێننەوە گوێی لێئەگرن و ڕوداوە شارستانی یەکان ئامادە ئەکەن بۆ شانۆ.. خوا ئەزانێت چیتریش ئەکەن ,لەبەر ئەم هۆیەیە هەندێکمان شێت بووین .کەمندالٚ بووم ئەترسام لەوەی گەورەبم ... نەك شێت ببم ,ترسی دووەمم لەمندالٚیدا ئەوە بوو بە (نەبەکامی ) لەدایك بوبم ـ چیرۆکی ئەمەیان دوورودرێژە ـ بەلاَم ئێستا هەتا بیری شێت بونیش خۆی شتێکی نامۆیە !

قۆڵم خستبوە سەر شیشی پەنجەرەکەو وەستابووم .کات کۆتایی مانگی تشرینی دووەم بوو ,هەوا تۆزێك ساردبوو ,بەم زووانە زستان دێت, ئیتر ئاسمان سامالٚ و شین ئەبێت , ئەوەندە ساف ئەبێت ئەترسیت بڕوشێت ,ئەمەو من ئەنیشکم دادابووە سەر شیشی پەنجەرەکەو سەیری دار خورماکانم ئەکرد لەدەرەوە .

گوێم لەدەنگێك بوو لەدوامەوە بەڵام نەمویست ئاوڕبدەمەوە ,باوكم بوو ئەكۆكی وەكو شتێیەك گیرابێتە سنگی ,گوێم لێبوو ڕۆژنامەكانی كەخستبونیە سەرمێزەكە هەڵیگرتن و لاپەڕەكانی بەجوانی تەخت كردن ولەسەر مێزەكە بەهێواشی ڕایخستن بۆئەوەی بەرێك و پێكی قەدیان بكات ,دوای ئەوە خستیە سەر ڕەفەیەك ( لەژێرمێزەكەدا ) .

كەگوێم لەخشەخشی ڕۆژنامەكان بو لەسەرمێزەكە ئیمان لە كەللەمدا نەماوهەستم

كردنزۆر لاوازم .بەتوندی شیشی پەنجەرەكەم گوشی.

باوكم چووە ژوورەوە,پاش تۆزێك دەستم خاوبوەوە بەڵام هەستم كرد خوێندنەوەی ئەو ڕۆژەم بەفیڕۆچوو !

سدنی 4یتشرینی دووەم :-

هەموو شتێك هەر لەمریشكەوە هەتا فلچەی بۆیاخ و سابون لەلایەن سوپای نیشتمانی مشكانی ئۆستڕالیاوە پێچرایەوەو خورا ,لەكاتێكدا كەبەو وولاتدا بەرەو باشور تێپەڕئەبون بەدوای خۆراكی زیاتردا .

بۆمبای 30ی تشرینی دووەم

زۆربەی زۆری جەماوەری بۆمبای داوای بەدیهێنانی یەكێتی نیشتیمانی و بەرنامەی هاوكاری نیشتیمانی ئەكەن .لەكۆنگرەجۆربەجۆرەكانی ـ یەككرتن ـدا كە ڕۆژی چوار شەممەلەیادی لەدایك بوونی (مهاتماگاندی ) دا لەوولاتدا گیران .بەڵام لەیەك دوو كۆنگرە لەوكۆنگرانەدا بەرنامەی كاری دەستكاری كراو لەبەرچاونەگیرا چونكە دەقەكەی درەنگ لە( نیودەلهی ) یەوە گەیشت و دوایئەوەش نارەحەت بوو دابەش بكرێت .بەهەرحاڵ بەیانییەكێتی و هاوكاری هەتا ڕۆژی نۆی تشرینی یەكەم ,هەرڕۆژێك بێت ئەتوانرێت بڕیاری لەسەر بدرێت .

ئەو مشكانەی كەدرێژی هەریەكێكیان پێیەك دەبێت و توكیان درێژەو دەستیان كردووە بەكون كردنی دەرگا و تەنەكەكان وتائەگاتە سەر خواردنەكان ڕێگای خۆیان كردۆتەوە ,وادەرئەكەوێت تەنیا شتێك كەڕێگایان لێئەگرێت ,كۆنكرێتە !

لەندەن ـ13یتشرینی یەكەم :

نرخی ئاڵتون لەبازاڕی جیهانی دا دوێنێ بەرزونزمی كرد لەكاتێكدا بازرگانە ڕاڕاكان چاوەڕوانی سەرئەنجامی ئەو وتوێژانەیان ئەكرد كەپەیوەندیان بەسیاسەتی فرۆشتنی ئاڵتونەوە هەبوو,لەسندوقی دراوی نێودەوڵەتیلە واشنتۆن. لە لەندەنیش,كەهەندێك لەبازرگانەكان دڵنیابوون لەوەی ڕێكەوتنی فرۆشتنی هاوبەش خەریكە سەرنەگرێت ,نرخی بەیانی بەرزبوەوە بۆ ( 39 )دۆلاربۆیەك ( ئۆنس ) ونرخی ئێوارەش بۆ39,17دۆلار .

ئەو ملیۆنەها مشكەی كەدابوی بەسەرناوچەی (نیپڵ لاند )ی نزیك سنوری باكوری (كەنیلاند ) چوێنرابو بەوەی كە لەپەتۆیەكی خۆڵەمێشیی زۆرگەورە ئەچێت. سایگۆن 24ی ئەیلول .

تیپیـــ بیاتڵس ـــ ئامادەنەبوە بۆ یۆگا بەپێ ڕێنمایەكانی (مەهاریش ماهیشن ) یۆگی , كەدوێنی لەنیوەڕۆوە گەشتبوە بیاتڵس .

لەتەك ئەوەشدا كەڕون نەكراوەتەوە بۆچی ئەندامانی تیپەمۆسیقیەكە ئامادەنەبون سود لەم جۆرە ڕامانە وەربگرن ,( مەهاریش ) ئەڵێت من كەكاردەكەم هەرگیز بێ ئومێدنابم ,ئەگەر سبەینێ گەڕانەوە بۆلام ,وایان لێئەكەم مەسەلەكە هەرس بكەن و منیش دڵشادئەبم .

ئەسۆشـێتد پـرێس ـ نەپشـیلە

پیَیانئەوێرن نەسەگیش ,کرێکارێـك لەئێسـتگەی ئـەڤۆن دۆنـز ڕایگەیانـدوە, زیـاتر لەسـەری ئـەڕوات ـ ئێسـتا ڕویـان کردۆتە ئاژەڵ ,لەنێوان سمەکانی‌یەوە ئەیخۆن وئەیدەن بەزەویدا !

ـــ مشـك دیـواری ئـەو باخچـانەیان شـکاندووە کـەدەوری ماڵـەکانی داوەو لەشـەودا پـەلاماری بازرگانـەکانی ئـاژەڵ و بەخێوکەرەکانیان داوە !

ـ مامۆستایەکی ئینگلیـزی لەئێسـتگەی ( ئـەڤۆن دۆنـز ) کـەناوی خـاتو ( جـی ـ ئەنگەسـتەر )ە ووتـی مەسـەلەیەکی ترسناکە ,شتی‌وابەخەیاڵم دا نەهاتووە, مشك خۆی کردووە بەهەموو شوێنێکدا .

شەوێکیان دوجووت سۆل وسـیّ جـووت پـێڵاو و جوتێـك قایشـی چـەرمم شـۆردو لـەدەرەوە دامنـابون وشـك ببنـەوە کەبەیانی هەستام سەیرم کرد یەك تاك سـۆل مـاوە. ـــ کاتێـك کـەهیچ نامێنێـت بخورێـت ,مشـکەکان دەسـت دەکـەن بەخواردنی یەکتری ئەمەش ئێستا لەهەندێك لەناوچەکانی باکوردا ڕووی داوە .

کۆپنهاگن 8ی تشرینی دووەم :

ئـەو پرۆژەیـەی کەڕێگائـەدات بـەمارەکردنی ژنێـك زیـاترو یـەکتری مـارەکردن لـەناو خێزانێکـدا و مـارەکردنی نێرینـە لەیەکتری ئەخرێتە بەرچاوی پەرلەمان .

ئەوپرۆژەیـەی کـەژن هێنـان بـەمانا ئاسـاییەکەی هەڵئەوەشـێنێتەوە لەلایـەن پـارتی گـەلی سۆسیالسـتی چـەپرەوی تیژڕەوەوە خرایەبەر باس و لێکۆڵینەوە, ئاگاسیاسیەکان ئەڵێن ئومێدی ئەوە هەیە ئەو جۆرەپرۆژانـە دانـی پیابنرێـت .

یونایتد پرێس

سوپاس بۆ یەزدان کەئوستورالیا دورگەیە

خۆزگە دانیمارك دوای‌ئەوەی‌پەرلەمان ئەوپرۆژانەی پەسەند ئەکرد،پەنابەری سیاسی وەرئەگرت.

سوپاس بۆ یەزدان کەدانیمارك پەنابەریی سیاسی ئەداتەسیاسیەکانی ولآتەکەم.

کۆتایی